# کۆماره یۆتۆپیاکەی من

پەخشانە شیعری // حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ

لە پای ئەوینی چاوە پیرۆزەکانتەوە. . . . . .
کەشتی حەز و سۆزی دێوانەم،
بە نێو دەریای شین و شیرینی ئەشقی تۆدا،
گەشتێکی سەرمەدییم ساز دا. .
لە هەموو بەندەرەکانتا وەستام و
ئیستێکی هێمن، بە وڵاتی هەناسە و
دەروونی شەکەتما ڕۆچوو. . . . !!
***
خۆم لە دەریای ئەوینتا بزر کرد و
تۆش خۆت لە شەپۆلی ئەو دەریایەدا هەڵکێشا
بۆیە ئەمێستا لە خۆم ئەچیت. . .
دەمێ هێواش و دەمێکیش سەرشێتی. . . . . !
لە جیاتی خوێن ؛ شەپۆلی دەریای ئەوینێکی ئەزەلی
بە گیانمانا ئەسووڕێتەوە. . . .
لەو دەمەوە، نەخشەی بوونی خۆمم
لەسەر گیانی پیرۆزی تۆدا کێشا. . . . . !!
لە ئاکاما کۆمارێکی یۆتۆپیایی چێبوو ؛
بەڵام سنووری دراوسێکانم بیرچوو. . .
ئەو سنوورانەی باوانم لەسەری ئەجەنگێن. . . !!
پایتەختی وڵاتەکەمم لە نزیك دڵی تۆوە دانا،
ئەو دڵەی ؛ بۆ ئەشق و خەون و ئازادی
ئەودڵەی ؛ بۆ ئاسوودەیی و داوەریی و یەکسانی،
بێووچان ئەکۆشێ و ئەژی. . . . .
لە جێی ڕمووزنە سمێڵ چەورەکانا،
پەری و لاوە دڵدارەکان حوکمڕانییوون
پۆلیس و لە شکری کۆمارەکەم ؛
لە جیاتی چەقۆ و چەکی چەپەڵ
بەسەر سنگیانەوە ئەشنێتەوە ئاڵای چەپکە گوڵ. . . . !!
باخچەکانی شار و لادێ،
بە پۆلە ئاشق جمەیاندێ. .
ئەوان بە چپە و ماچی شیرینەوە یەکئەدوێنن. .

ئەوان ئازادن، ئازاد. . .
لە بری دەشتی زەرد و هەردی وشك و برینگ ؛
گوڵ و خونچە و بەرچنە میوەی مزر و بەتام
ڕاڕەو و جادە و كۆڵان و كون و كەلەبەری
زەرد و سوور و سەوزی دا پۆشیوە. . . . !!
نە دڕك و، نە گەلآی وەریوو، نە باڵندەی وێڵ و تەریك،
نە بوونەوەری دڵكەسیرە و دیل و سەرگەردان،
لە فەرهەنگی ئەو كۆمارەدا بۆ دەرمانیش بەدیناكەی. . !!
لە جیاتی ئەشك و ئەسرینی نەبڕاوەی كلۆڵەكان ؛
پێكەنین و قاقای پڕ لە ئاسوودەیی و شادمانی،
بەركەماڵە و بۆتە ساباتو كەپری
ئەو كۆمارەی ئەستێرەكەی كەوتۆتە نێوان ئاسمان و ڕێسمان. . . . !

ئیسپانیا – بەهاری 1995
هۆڵەند – بەهاری 2002 ئارایشتكراوەتەوە

www.kurdistannet.org